باسی (عەزل) کرا لە لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بۆچی یەکێکتان ئەوە دەکات؟ ئەوە نەفسێک نییە کە خوڵقێندرا بێت؛ بەڵکو خوای گەورە دەیخوڵقێنێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «باسی (عەزل)* کرا لە لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بۆچی یەکێکتان ئەوە دەکات؟ ئەوە نەفسێک نییە کە خوڵقێندرا بێت؛ بەڵکو خوای گەورە دەیخوڵقێنێت». *(عەزل: بریتیە لە دەرهێنانی ئەندامێنی نێرینە لە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەت ئەگەر مەنیەکە نزیک بووە لەوەی بێتە دەرەوە؛ بۆئەوەی لە دەرەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەتەکە دەربچێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

باسی (عەزل)* کرا لە لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، هەندێک لە پیاوان ئەنجامی دەدەن لە کاتی جوتبوون لەگەڵ خێزانەکانیان وئەمەکانیان**. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێیان کرد سەبارەت بە هۆکاری ئەنجامدانی ئەم کارە بە شێوازێک کە ئینکار کردنی تێدایە، پاشان هەواڵی پێدان سەبارەت بە مەبەستیان لەم کارە ئەویش بە وەڵامێکی قایلکار کە ڕێگرییان لێدەکات لە ئەنجامدانی ئەم کارە، فەرمووی (کە ئەم واتایە دەگەیەنێت): خوای گەورە قەدەری هەموو شتێکی نوسیووە، ئەم کارە نابێتە هۆی ئەوەی وەچەیەک دروست نەبێت ئەگەر خوای گەورە لە قەدەردا نووسی بێتی کە دەبێت دروست ببێت، چونکە هەموو شتێک بە دەست خوای گەورەیە هۆکارەکان وئەنجامەکان، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت منداڵێک بخوڵقێنێت لە مەنی پیاوەکە ئەوا لە شوێنێکە دەڕوات کە هەستی پێناکات بۆ شوێنێک کە تێیدا جێگیر دەبێت ومرۆڤێکی نوێ تێیدا گەشە دەکات وپاشان دێتە بوونەوە، -سبحان اللە العظیم- پاک وبێگەرد ومەزنە پەروەردگار وخوڵقێنەری هەموو بوونەوەرەکان. *(عەزل: بریتیە لە دەرهێنانی ئەندامێنی نێرینە لە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەت ئەگەر مەنیەکە نزیک بووە لەوەی بێتە دەرەوە؛ بۆئەوەی لە دەرەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەتەکە دەربچێت)، **(ئەمەکان: کۆی -أَمَة:ئەمە- یە، واتە کچی بەندە وکۆیلە -کەنیزەک- کە لەو کاتەدا دەفرۆشران دەبوونە مووڵکی ئەو کەسەی دەیانکڕێت یان پاش ئەوەی مسوڵمان سەردەکەوتن لە جەنگەکاندا ئافرەتەکانی بێباوەڕەکانیان وەکو سەبایا لە لای خۆیان دەهێشتەوە ومارەیان دەکردن، -سەرەڕای ئەوەی ئەو ئافرەتانە ئەمە یان سەبایا بوون بە ئەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا لە لایەن مسوڵمانانەوە نەک بەو شێوەیەی باوە لە نێو بیری زۆرێک لە بێباوەڕەکان ودوژمنانی ئیسلام، بەڵکو ئەمە وسەبایای ئەو کاتە ڕێزی زیاتر بوو لە ئافرەتی ئازادی ئەمڕۆ کە کراون بە کاڵا -شتومەک- ودژومنانی ئاین وڕەوشتە جوانەکان بەکاریان دەهێنن بۆ پەیداکردنی کڕیار وشوێنکەوتەی زیاتر-)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6041